# زەمەنی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (نەتەوەی زێرابەکان)دا
## بەپێی تیۆری جێرارد جینێت

**ID No. 219**

(PP 208 - 222)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.4.13

**فرهاد عزيز حسن**
کۆلێژی پەروەردەی مەخموور/ زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
Farhad.hassan@su.edu.krd

**كارزان محسن قادر**
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی / زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
Karzan.qader@su.edu.krd

**وەگــــــرتن : 2022/03/06**
**پەسندکردن : 2022/05/11**
**بڵاوکردنەوە : 2022/09/05**

**پوختە**

زەمەنی گێڕانەوە یەکێک لە پێکهاتە بنچینەییەکانی گێڕانەوەیە کە بنیاتی پێکهاتەی بینای گێڕانەوەی لەسەر بنیاد دەنرێ. گێڕانەوە لە ژانری ئەدەبی ڕۆماندا خۆی لە چوارچێوەی زەمەندا بەرجەستە دەکا. زەمەن و گێڕانەوە پەیوەندییەکی بنچینەیی پتەویان لەنێواندا هەیە. ئەم پەیوەندییە بە چەشنێکە کە هیچ گێڕانەوەیەک لە دەرەوەی سنووری زەمەنی گێڕانەوەدا بەرجەستە نابێ، بۆیە دەبێ بە پشتبەستن بە زەمەنی گێڕانەوە پێناسەی گێڕانەوە بکرێ. جێرارد جێنێت یەکێک لە تیۆردانەرانی بواری ئەدەبی گێڕانەوەیە کە بنچینەی تیۆرەکەی لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە بنیاتگەرییەکان دامەزراندوە. جێنێت تاڕادەیەک تیۆری بنیاتگەری هەموار دەکاتەوە و هەندێ بنەما و ڕێسای دیکەی دەخاتەسەر و گەشەیەکی بەرچاو بەم تیۆرە دەدا. بۆیە لە کاتی توێژینەوە لە بابەتی زەمەنی گێڕانەوە سێ ئاست دەسنیشان دەکا کە بریتین لە: ڕێکخستن، بەردەوامی و پاتکردنەوە. هەر یەک لەم ئاستانەش بەسەر چەند جۆری جیا دابەشدەبن کە وەک کەرەسەی زەمەنی گێڕانەوە دەردەکەون. ئەم توێژینەوەیە بەپێی تیۆری جێرارد جێنێت هەوڵی شیکردنەوەی پێکهاتەی زەمەنی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (نەتەوەی زێرابەکان)ی 'جەبار جەمال غەریب' بە دەسنیشانکردنی هەریەک لەم ئاستانە و جۆرەکانیان دەدا.

**وشەی سەرەکی**: زەمەنی گێڕانەوە، بینای کاتی گێڕانەوە، جێرارد جێنێت، نەتەوەی زێرابەکان.

### ١- پێشەکی

زەمەن و گێڕانەوە لە چوارچێوەی ئەدەبی گێڕانەوە واتا ڕۆمان و چیرۆکدا شوێن و پێگەیەکی گرنگیان هەیە و هەر یەک لەم توخمانە کە لە بنیاتی پێکهاتەی ئەدەبی گێڕانەوەدا بوونێکی سەربەخۆ و تایبەتیان هەیە، لە ئەنجامی توێژینەوە و شیکردنەوەی بەردەوام تێکهەڵکێش کراون و دواجار فۆرمێکی دیکەیان وەرگرتووە کە بە زەمەنی گێڕانەوە ناسراوە. لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەدواوە توێژەرانی بواری ئەدەبی گێڕانەوە بە پشتبەستن بە تێڕوانین و بۆچوونی قوتابخانەی زمانەوانیی فێردیناند دیسۆسێر و تیۆری بنیاتگەری، کۆمەڵە بۆچوونێکی نوێیان لە بواری زەمەنی گێڕانەوە لە ڕۆماندا ناساندووە و لەم ناوەدا تێڕوانینەکانی (جێرارد جێنێت) بایەخ و گرنگییەکی زۆری پێدراوە. جێنێت لە هەوڵەکانیدا لە بواری توێژینەوە لە ئەدەبی گێڕانەوەدا کۆمەڵە چەمکێکی نوێ دەناسێنێ کە لە بنچینەدا بە (زەمەنی گێڕانەوە) ناسراوە. لەم توێژینەوانەدا سەرنجی توێژەران بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە گێڕانەوە لە ڕووی بیناوە لەسەر بنەمای زەمەنی کاتبەندکراو بنیات نراوە و ئەم کاتبەندییە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ شێوازی گێڕانەوە و خستنەڕووی ڕووداوەکان هەیە.

بەپێی بۆچوونی جێنێت، ڕۆماننووس بە بە پشتبەستن بە تەکنیکە جیاجیاکانی گێڕانەوە ڕووداوەکان بەچەشنێک ئاراستە دەکا کە خوێنەر لە ڕێڕەو و هێڵی زنجیرەیی ڕووداوەکان لە کاتی ئێستای ڕووداوەکان دادەبڕێنێ یان بۆ ڕابوردوو دەیگەڕێنێتەوە یان بەرەو داهاتوو پەلکێشی دەکا. لەم گەڕانەوە و بازدانانەدا خوێنەر دەبێ ڕێڕەوی ڕووداوەکان لە میانەی ڕۆمانەکەدا بناسێتەوە و تێبگا لەکاتی گێڕانەوەی ئێستای ڕۆمانەکە، کام ڕووداو پێشتر ڕوویداوە و کام ڕووداو دواتر ڕوو دەدا.

جێرارد جێنێت پێکهاتەی ڕووداو و ڕێڕەوی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لەسەر بنەمای زەمەنی کاتبەندکراو لێک جیادەکاتەوە و بۆ ئەم مەبەستە تیۆرێکی هەڵسەنگێنراو و ورد پێشکەش دەکا. لەم تیۆرەدا زەمەنی کاتبەندکراوی گێڕانەوە بەسەر سێ ئاست و ئاراستەی

جیاواز دابەش دەکا کە بریتین لە: ڕێکخستن (Order)، بەردەوامی (Durqtion) و پاتکردنەوە (Frequency). هەر یەک لەم ئاستانەش بەسەر چەندین کەرەسەی جیاواز دابەش دەکا تاکوو وێنە و فۆرمێکیی دیاریکراو بە زەمەنی گێڕانەوەی ڕۆمان بدا.

شێوازی ئەم توێژینەوەیە لەسەر بنەمای کۆکردنەوی زانیاری کتێبخانەیی و شیکردنەوەی زانیارییەکان بەپێی تیۆری جێرارد جینێت دەبێ و کاری توێژینەوەکە لە دوو بەشدا پێشکەش دەکرێ. یەکەم چوارچێوە تیۆرییەکە و ناساندنی چەمکەکان. دووەم پراکتیک کردنی ئەم تیۆرە و چەمکەکانی لەسەر دەقی ڕۆمان. بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا بنچینەی تیۆری جێرارد جینێت سەبارەت بە زەمەنی گێڕانەوە لە سێ ئاستی ڕێکخستن، بەردەوامی، پاتکردنەوە و کەرەسەکانی شیدەکرێنەوە و ئینجا ڕۆمانی (نەتەوەی زێرابەکان) بەپێی ئەم تیۆرە لە ڕووی ئاستە جیاوازەکانی زەمەنی گێڕانەوە توێژینەوەی لەبارەوە دەکرێ.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەسنیشانکردنی ڕادەی پاڵپەستۆی ئاستە جیاوازەکانی زەمەنی گێڕانەوە لە مەودای ڕۆمانی (نەتەوەی زێرابەکان)ە، تاکو لە کۆتاییدا ڕێکخستنی شێوازی گێڕانەوە، ڕادەی بەردەوامی گێڕانەوە و پاتکردنەوەی ڕووداوەکان لە ڕووی زەمەنی گێڕانەوەیان بەپێی تیۆری جینێت لە چوارچێوەی ڕۆمانەکەدا دیاری بکرێن. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە چەند پرسیارێک گەڵاڵە دەکرێن کە گرنگترینیان بریتین لەوەی کە ئایا دەکرێ لەم ڕۆمانەدا چەمکەکانی تیۆری جینێت سەبارەت بە زەمەنی گێڕانەوە دەسنیشان بکرێن؟ یان بەپێی تیۆری جینێت ئاراستەی ڕووداوەکان بەگوێرەی زەمەنی گێڕانەوەیان لە ڕۆمانی (نەتەوەی زێرابەکان) پتر لە کاتی ئێستادا دەمێنێتەوە یان بەرەو ڕابوردوو ئاراستە دەکرێن یاخود بەرەو داهاتوو باز دەدرێن؟

### ٢- چوارچێوەی تیۆری

جێرارد جینێت لە ئەنجامی توێژینەوە و وردبوونەوە لە توخمی گێڕانەوەدا بەوردی پرسی زەمەن لەم پێکهاتەیەدا شرۆڤە دەکا و بە پشتبەستن بە بینای ئەدەبی گێڕانەوە بەتایبەتی ڕۆمان و چیرۆک، هەوڵدەدا لە ڕوانگەیەکی دیکەوە ئاوڕ لە توخمی گێڕانەوە بدا. تیۆرەکەی جینێت لەم نێوەندەدا کۆمەڵێک چەمکی نوێ لە بواری گێڕانەوە دەناسێنێ کە بەهۆیەوە گێڕانەوە لە چوارچێوەی کات بەسەر چەند ئاراستەیەک دابەش دەبن. لێرەدا بەوردی ئەم تیۆرە و سەرجەمی چەمکەکان دەخرێنەڕوو و ئینجا دواتر بە وردی ئەم چەمکانەی کە لەم تیۆرەدا پەیوەست کراون بە زەمەنی گێڕانەوە لە ڕمانی (نەتەوەی زێرابەکان)دا شیدەکرێنەوە.

### ٢-١: ڕێکخستن

ڕێکخستن بریتیە لە: ((بەدوای یەکداهاتنی ڕووداوەکانی ناو چیرۆک و ڕێکخستن و پۆلینکردنیان بە شێوەیەکی ورد و لەسەر بنەمای گرێچنێکی تایبەت لەناو دەقی گێڕانەوەدا.))[بیگ زادە، ١٣٩٥: ٨] بەم چەشنە دەتوانین بڵێین: چۆنییەتی پۆلینکردنی ڕووداو لە ڕووی کاتی ڕوودانیان، ڕێکخستنی پێدەگووترێ. لە ئەدەبی گێڕانەوەدا ڕێکخستنی ڕووداو و بەدوای یەکداهاتنی ڕووداوەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەیەکەوە هەیە و لە پاڵ تایی ئەم پەیوەندییەدا، ئەوە ڕێکخستنە کە شێواز و چۆنییەتی پەیوەندییەکە دەسنیشان دەکا و نووسەر بە پشت بەستن بە تەکنیکە جیاجیاکانی گێڕانەوە، ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. نووسەر یان گێڕەرەوە لەکاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا دوو ڕێگەی لە پێشە: ((خستنەڕووی ڕووداوەکان بەپێی زەمەنی ڕوودانیان و لەسەر بنەمای ڕێکخستنی کاتی ساڵنامە و ئەوی دیکەیان هەڵبژاردن و گوڵبژێرکردنی ڕووداوەکان بەمەبەستی چێژبەخشین یان شیعرییەتی دەق.))[رنجبر، ١٣٩١: ١١٢] لە ڕێگەی یەکەمدا ڕووداوەکان بەپێی کاتی ڕوودانیان و زنجیرەی بەدوای یەکداهاتنی کات و دووەم بەپێی هەڵبژاردنی ڕووداوە جیاجیاکان و پاش و پێش خستنیان بەمەبەستی چێژ و شیعرییەتی دەق دەگێڕدرێنەوە. بەم چەشنە دەکرێ بگوترێ جیاوازی لە نێوان زەمەنی ڕووداو و زەمەنی گێڕانەوەی ڕووداو هەیە، چونکە ((زەمەنی ڕووداو بەگوێرەی ڕێکخستنی کرۆنۆلۆجیانەی ڕووداوەکان دەبێ، لەکاتێکدا زەمەنی گێڕانەوە لەسەر بنەمای ڕێکخستنی ئاڵۆزکراوی زەمەنی ئەم ڕووداوانە بنیات دەنرێ.))[Mahmoud, 2019: 599]

بەهۆی ئەمەوەیە 'جێرارد جینێت' جەخت لەسەر تێگەیشتن لە ڕێکخستنی کاتی گێڕانەوە دەکاتەوە و دەڵێ: ڕێکخستنی کاتی گێڕانەوە لە چیرۆک یان ڕۆمانێکدا بریتییە لە بەراوردکردنی بەدوای یەکداهاتنی ڕووداوەکان یان یەکەکانی کات لە چوارچێوەی گوتاری گێڕانەوە لەگەڵ ڕێکخستنی ستوونی کە لە ڕێکخستنی چیرۆک و ڕۆماندا بە ڕاشکاوانە پیشان دراون.[Genette, 1983: 35] ڕێکخستنی ستوونی لێرەدا مەبەست گوڵبژێرکردنی ڕووداوەکان و هەڵبژاردنیان و پاش و پێش خستنیانە بەپێی ڕێکخستنی کاتی گێڕانەوە کە نووسەر یان گێڕەرەوە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا پێڕەوی دەکا.

چنینی کاتی گێڕانەوە، چیرۆک یان ڕۆمان لەبەردەم دوو بابەتی هاوکاتی و ناهاوکاتی دادەنێ؛ ئەگەر لەم چنینەدا ((ڕێکخستنی کاتی ڕووداوەکان لەگەڵ ڕێکخستنی گێڕانەوەیان لەناو دەقدا هاوتەریب بێ، گێڕانەوەکە لە جۆری هاوکاتییە، بەڵام

ئەگەر ڕەچاوی ئەم ڕێکخستنە نەکرابێ کات ئاڵۆزی یان ناهاوکاتی دێتەئاراوە کە جێنێت بەسەر دوو جۆری پێشخستن و پاشخستن دابەشی کردوون.))[علیزادە، ١٣٩٦: ٢٦٢]

هاوکاتیی واتا کاتێک گێڕەرەوە ڕووداوێک دەگێڕێتەوە، دەبێ کات و زەمەن وەک خۆی بەرجەستە بێ. بەو واتایەی چی لەو زەمەنەدا دەگوزەرێ و گوزەراوە، بەدوای یەکدا بگێڕدرێتەوە. لێرەدا پەیوەندی نێوان گێڕانەوە و زەمەنی گێڕانەوە، هاوتەریبی و هاوئاهەنگی و ڕاستەوانەیە.[لحمیداني، ٢٠٠٠: ٤٥]. ئەم شێوازە لە گێڕانەوەی ڕۆمانی کلاسیکیدا باوبووە و ((ڕێکخستنی کاتی ڕووداوەکان لەسەر بنەمای کرنۆلۆژی ڕێکخراوە.))[مبروك، ١٩٩٨: ٢٣]. ناهاوکاتی ڕێک پێچەوانەی هاوکاتییە و ((پچڕان و لێک دابڕان و بازدان و گەڕانەوە و پێشخەری تێدا دەردەکەوێ و نووسەری ڕۆمان دەتوانێ بەگوێرەی دابەشکردنی زنجیرەکانی گێڕانەوەکە پاش و پێشیان تێدا بکا.))[ئەڵوەنی، ٢٠٠٤: ٥٥]

بەم چەشنە دەردەکەوێ بەپێی بنەماکانی تیۆری 'جێنێت' ئاڵۆز بوون و هاوکات نەبوونی کات لە نێوان ڕێکخستنی ڕووداو و ڕێکخستنی گێڕانەوەدا جۆرێک شکاندنەوەی کات بەدیدەکرێ کە لە بنچینەدا لە ئەدەبی گێڕانەوەدا بەسەر دوو جۆری پاشخستن واتا گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو و پێشخستن واتا بازدان بۆ داهاتوو دابەش دەبێ. ((لە شێوەی پاشخستن کاتی نووسین بەرەو پێشەوە دەڕوا، بەڵام ڕووداوەکان بەرەو ڕابووردوو دەگەڕێنەوە. لەلایەکی‌دیکە پێشخستن گێڕانەوەیەکە کە کاتی ڕووداوەکان پێش کاتی ئێستای گێڕانەوەکە دەکەون و گێڕەرەوە لەجیاتی ئەوەی لە خاڵی دەسپێک و بەپێی گرێچنین ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، ئەم ڕووداوانە دەگێڕێتەوە کە لە داهاتوو ڕوو دەدەن.))[پناهی، ١٣٩٦: ١٠٠-١٠١]

'بابەک ئەحمەدی' لەکاتی شیکردنەوەی تیۆری 'جێنێت' سەبارەت بە سێ توخمە سەرەکییەکەی کاتی گێڕانەوە دەنووسێ، ڕێکخستن دەربڕینێکی کاتبەندکراو و لۆجیکیانەی ڕووداوەکانە، هەندێجار پێشبینی ڕووداوەکان دەکا و بەپێش دەکەوێتەوە وەکوو چیرۆکی (مەرگی ئیڤان ئیلیچ)ی 'تۆڵستۆی' کە بە دیمەنی مردنی ئیڤان ئیلیچ دەسپێدەکا و ئینجا کاتەکە بۆ ڕابووردوو و سەردەمی منداڵی ئەو دەگەڕێتەوە، کە جێنێت ئەم شێوازە بە پێشبینی ناو دەبا. هەندێجار ڕووداوەکان لە ناوەڕاستی ڕێگە بۆ ڕابوردوو دەگەڕێنەوە کە جێنێت گەڕانەوەی پێدەڵێ. هەندێجار جیاوازی دەکەوێتە نێوان کاتی گێڕانەوە و کاتی ڕووداو کە جێنێت بە ئاڵۆزی کات یان ناهاوکاتی ناوی دەبا.[احمدی، ١٣٨٢: ٣١٥-٣١٦] بەکاربردنی (پێشبینی) لەلایەن 'بابەک ئەحمەدی' بۆ زاراوەی (پێشخستن) هەڵەیە. بەپێی تیۆری جێنێت پێشخستن لە پێشبینی جیایە؛ چونکە لە ڕۆماندا ئەم ڕووداوانەی پێشخستنیان بۆ دەکرێ، ڕوودەدەن، بەڵام لە پێشبینیدا ئەگەری ڕوونەدانیان هەیە و تەنیا مەزەندەیە. پێشخستن جوولەی پێشوەختەی ئاراستەی گێڕانەوە بەرەو داهاتووە، واتا ئەم ڕووداوەی بڕیارە لە داهاتوودا ڕووبدا، گێڕانەوەکەی بۆ کاتی ئێستای گێڕانەوەی ڕۆمانەکە پێشخراوە. 'د. نەجم ئەڵوەنی' جیاوازی نێوان چەمک و ئەرکی ئەم دوو زاراوەیە بەم چەشنە دیاریدەکا: ((کەواتە پێشخراو ئەو ڕووداوانەی ئایندە لەکاتی ئێستادا دەگێڕێتەوە، کە دەبێ لە کاتی خۆیان دا بەدی بێن و جێی گومان نەبن. لەبەر ئەوە هەرچی گێڕانەوەیەک کە باسی ئایندە دەکا و لەکاتی خۆیدا بەدی نەیەت، یان لەوانەیە بەدی نەیەت، ناچێتە ناو چوارچێوەی پێناسەی پێشخراوەوە و ئەرکەکانی لەناو تێکستەکەدا جیاواز دەبێ لە ئەرکی ئەو ڕووداوەی کە بە تەکنیکی پێشخراو، لەکاتی ئێستادا گێڕانەوەکەی پێشکەش دەکرێ.))[ئەڵوەنی، ٢٠٠٤: ٢٣٢] بەم چەشنە ((نابێ پێشخستن لەگەڵ پێشبینی بە یەک دابنرێ، چونکە پێشبینی ڕەنگە ڕووبدا یان ڕوو نەدا، بەڵام پێشخستن بەدڵنیاییەوە ڕوودەدا.))[Abdulrraziq and Geedallah, 2021: 40]

لە جۆری پاشخستندا ڕووداوەکان کاتێک دەگێڕدرێنەوە کە ڕوویانداوە و گێڕەرەوە لە کاتی گێڕانەوەدا لە کاتی ئێستا بۆ کاتی ڕابوردوو دەگەڕێتەوە و ئەم ڕووداوانە دەخاتەڕوو کە پێشتر ڕوویانداوە. لێرەوەیە دەگووترێ: ((لە پاشخستندا ئەم ڕووداوانە دەگێڕدرێنەوە کە ڕوویانداوە و گێڕەرەوە لە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئێستا لەپڕا بۆ ڕابوردوو دەگەڕێتەوە و ئەم ڕووداو و بیرەوەریانە دەگێڕێتەوە کە لە ڕابوردوو ڕوویان داوە.))[علیزادە، ١٣٩٦: ٢٣٦] بەڵام لە جۆری پێشخستندا گێڕانەوە بەجۆرێکی دیکەیە ((پێشخستنی ئەم ڕووداوانەی کە لە داهاتوو ڕوودەدەن.))[قاسم زادە، ١٣٩٣: ١٥٠] لەم شێوەیەدا گێڕەرەوە بۆ داهاتوو دەپەڕێتەوە و بەهۆی پێشخستنی زەمەنی گێڕانەوە، کۆمەڵە ڕووداوێک دەگێڕێتەوە. واتا ئەم ڕووداوانەی بەپێی بەدوای یەکداهاتنی کات، دەبوایە لە داهاتوو ڕووبدەن و بگێڕدرێنەوە، کاتی گێڕانەوەیان تێکدەشکێنرێن و گێڕانەوەکەیان بۆ کاتی پێش ڕوودانیان پێشخستنی بۆ دەکرێ. لە کتێبی (تەکنیکی گێڕانەوە)دا بنیات و پێکهاتەی هەر یەک لە جۆرەکانی گێڕانەوەی پاشخستن و پێشخستن بەسەر سێ جۆردا دابەش دەبن:

١- ناوەکی

٢- دەرەکی

٣-ئاوێتە[خدر، ٢٠١٢: ٢٣١-٢٣٢]

ئەم گێڕانەوەیەی کە لە دەقی چیرۆک یان ڕۆماندا لە ڕابوردوو یان داهاتوودا بخرێتەڕوو، ئەگەر بە گرێچنینی چیرۆکەوە گرێدرابێ، گێڕانەوەی ناوەکی پێدەگووترێ. ئەم ڕووداوەی دەگێڕدرێتەوە، پەیوەندی بە گرێچنینی چیرۆکەکەوە نەبێ، گێڕانەوەی دەرەکی پێدەگووترێ. هەروەها ئەم ڕووداوەی کە دەگێڕدرێتەوە، پەیوەندی بە گرێچنینی چیرۆکەکەوە نەبێ، بەڵام لە درێژەی چیرۆک یان ڕۆماندا نووسەر بە ڕووداوە سەرەکی و گرێچنینی چیرۆکەوە گرێی بداتەوە، گێڕانەوەی ئاوێتەی پێدەگووترێ [بهنام فر، ١٣٩٣: ١٣١]

**٢-٢ بەردەوامی**

جێرارد جێنێت دەڵێ: بەردەوامی بریتییە لە: ((پێوانی ڕێژەی مەودای نێوان کاتی پێویست بۆ گێڕانەوەی ڕووداوێک لەگەڵ ماوەی ئەم کاتەی کە ڕووداوەکە لە جیهانی واقیعدا ڕوودەدا.))[Herman & Vervaeck, 2001: 60] بەپێی ئەم پێناسەیە دەتوانین بڵێین: بەردەوامی دەسنیشانی پەیوەندی نێوان ئەم کاتە دەکا کە ڕووداوێک لە جیهانی واقیعدا ڕوودەدا و هەمان ڕوداو لە دەقێکی گێڕانەوەییدا دەگێڕدرێتەوە. کەواتە بەردەوامی بریتییە لە پێوانی مەودای خایاندنی ڕووداوێک لە ڕووی زەمەنەوە بە مەودای خایاندنی گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە. بەم چەشنە لە بەردەوامیدا گرنگی بە ماوەی کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە و ماوەی گێڕانەوی ئەم ڕووداوە دەدرێ. لە بەردەوامی گێڕانەوەدا ئەوە پیشان دەدرێ کە ((دەکرێ کام یەک لە ڕووداوەکانی ڕۆمان فراوان بکرێ یان بسڕێنەوە.))[احمدی، ١٣٨٢: ٣١٦] بەپێی تیۆرەکەی 'جێرارد جێنێت' مەودای نێوان ماوەی ڕووداو و مەودای گێڕانەوەی ڕووداوەکە لە چوار جۆری سەرەکی پێکدێن و بریتین لە:

٢-٢-١: جۆری دیمەن

٢-٢-٢: جۆری وەسفکردن

٢-٢-٣: جۆری پوختە

٢-٢-٤: جۆری سڕینەوە[Genette, 1983: 95]

جۆری دیمەن ((پیشاندەری یەکسانی تەواوی ماوەی کاتی ڕوودانی ڕووداو لەگەڵ نواندن یان خوێندنەوەی ڕووداوەکەیە. ماوەی گفتوگۆیەکی وشە بە وشە کە لە ڕۆمانێکدا دەخوێندرێتەوە، تاڕادەیەک هێندەی ئەو کاتە دەخایێنێ کە لە ڕاستیدا ڕووداوەکە ڕووی داوە.[Herman & Vervaeck, 2001: 61] لەم جۆرەدا کاتی ڕووداو و گێڕانەوەی ڕووداو یەکسانن و پتر لەم گێڕانەوانەدا بەدیدەکرێن کە سوود لە گفتوگۆ وەردەگرن.[Genette, 1983: 109]

لە جۆری وسفکردندا ((دابڕانی کات ڕوودەدا بە چەشنێک کە کاتی پێویست بۆ خوێندنەوەی ڕووداوێک، لە خودی ڕووداوەکە درێژترە. دەکرێ ڕووداوێک بوەستێنرێ، بۆ نموونە کاتێک بکوژێک چەکەکەی بەرەو ڕووی قوربانی ڕادەگرێ لە ڕاستیدا تەنیا یەک چرکە دەخایێنێ، کەچی دەکرێ لە دە لاپەڕەدا وەسفی ئەم دیمەنە بکرێ.))[Herman & Vervaeck, 2001: 62] لێرەدا بەپشت بەستن بە شێوازی وەسفکردنی دیمەن و ڕووداوەکان، گێڕانەوەیان درێژ دەکرێتەوە و ئەم ڕووداوەی کە لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا ڕوویداوە لە ماوەیەکی زەمەنی دوور و درێژدا دەگێڕدرێتەوە. کەواتە لەم جۆرەدا زەمەنی گێڕانەوە لە خودی زەمەنی ڕووداوەکە درێژترە. بەم چەشنە ماوەی زەمەنی خوێندنەوەی ڕۆمانەکە لە ماوەی زەمەنی ڕووداوەکە درێژتر دەبێتەوە.

پوختە بریتییە لەوەی کە ((ڕووداوێک لە ماوەیەکی زەمەنی دوور و درێژدا ڕوویدابێ لە ڕستەیەکی کورتدا پوخت بکرێتەوە، بە چەشنێک کە کاتی گێڕانەوە لە کاتی ڕووداوەکە کورتتر بێ.))[Herman & Vervaeck, 2001: 61] واتا نووسەر بە مەبەستی خێراتر گێڕانەوە، ڕووداوەکان پوخت بکاتەوە. لەم جۆرەدا زەمەنی گێڕانەوەی ڕووداو لە زەمەنی خودی ڕووداوەکە کورتترە.

سڕینەوە یان لابردن ئەم جۆرەیە کە هەندێ لە پێشهاتەکان بەتەواوی لە دەقی ڕۆمانەکەدا بسڕێنەوە و لابرێن.[Herman & Vervaeck, 2001: 61] جێنێت لە کتێبی (گێڕانەوە)دا سڕینەوەی بەسەر سێ جۆردا دابەش کردووە: سڕینەوەی ئاشکرا، سڕینەوەی نائاشکرا و سڕینەوەی مەزەندە. لە سڕینەوەی ئاشکرادا بەشێوەیەکی ئاشکرا سڕینەوەی ڕووداو ڕادەگەیێنرێ و لەناو ڕۆماندا بە دەستەواژەی جۆراوجۆری وەکوو (پاش ڕۆژێک، لەدوای دوو هەفتە، مانگێک تێپەڕی و ...هتاد) ئاماژە بە سڕینەوەی پێشهاتەکانی ئەم ماوەیە دەکرێ. لە جۆری نائاشکرادا بەشێوەیەکی ورد و تەواو زەمەنی سڕینەوەی پێشهاتەکان لەناو ڕۆماندا پیشان نادرێ و تەنیا ئاماژەیان پێدەکا بۆ نموونە دەڵێ: (چەندین ساڵ یان مانگ یان ڕۆژ تێپەڕین). لە سڕینەوەی مەزەندەدا لە دەقی ڕۆماندا ئاماژە یان شوێن پێی سڕینەوەی ڕووداوەکان بەدی ناکرێن، بەڵکوو لەسەر خودی خوێنەرە کە هەست بەم سڕینەوەیە بکا.[Genette, 1983: 106]

**٢-٣: پاتکردنەوە**

جێنێت دەڵێ: پاتکردنەوە واتا ئەو پەیوەندییەی لە نێوان پاتبوونەوەی گێڕانەوە و ڕووداوەکاندا هەیە. بەم چەشنە کە پێشهاتێک نە تەنیا دەشێ ڕووبدا، بەڵکوو دەشێ دووبارە ببێتەوە. وەکوو هەڵهاتنی خۆر کە هەموو ڕۆژێک دووبارە دەبێتەوە. لێرەوەیە کە دەتوانین بڵێین پاتبوونەوە بریتییە لە: پەیوەندی نێوان ڕووداو و چەندجار گێڕانەوەی ڕووداوەکە.[ Genette, 1983: 116] بەم چەشنە ((پاتکردنەوە واتا دووبارە گێڕانەوەی ئەو پێشهاتانەی کە لە ڕۆماندا ڕوودەدەن.))[احمدی، ١٣٨٢: ٣١٦] پاتکردنەوە بەسەر سێ جۆردا دابەش دەبێ:

٢-٣-١: پاتکردنەوەی هاوسان

٢-٣-٢: پاتکردنەوەی بەردەوام

٢-٣-٣: پاتکردنەوەی تاک[Genette, 1983: 114]

پاتکردنەوەی هاوسان واتا ڕوودانی پێشهاتەکان لە دەقی ڕۆمان و لە ڕاستیدا هاوسان بن. واتا لە واقیعدا چەندجار ڕوویدابێ بە هەمان ڕێژە لە ڕۆماندا گێڕدرابێتەوە. پاتکردنەوەی بەردەوام واتا پێشهاتێک لە ڕاستیدا تەنها یەکجار ڕوویدابێ، بەڵام لە ڕۆماندا چەندین جار بگێڕدرێتەوە. پاتکردنەوەی تاک واتا پێشهاتێک لە ڕاستیدا چەندین جار ڕوویدابێ، بەڵام لە ڕۆماندا تەنیا یەکجار گێڕدرابێتەوە.[Genette, 1983: 114-116 ]

بەم چەشنە ڕوونبووەوە جێرارد جێنێت لە تیۆرەکەیدا سێ ئاستی جیاواز بۆ هەڵسەنگاندن و پێوانی زەمەنی گێڕانەوە لە دەقی ڕۆمان دەسنیشان دەکا و هەر یەک لەم ئاستانەش لە ڕێگەی چەند کەرەسەیەکی جیاوازەوە دەسنیشانی ئاراستەی ڕووداوەکان لە ڕووی زەمەنی گێڕانەوەیان دەکا. لەم توێژینەوەیەدا ئەم ئاست و کەرەسە جیاوازانەی تیۆری جێنێت، لە ڕۆمانی (نەتەوەی زێرابەکان)دا پراکتیزە دەکرێن؛ تاکو زەمەنی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا بەپێی ئەم ئاستانە هەڵسەنگاندن و پێوانی بۆ بکرێ.

**٣- ڕێکخستن**

ڕێکخستن پەیوەستە بە شێوازی کاتی گێڕانەوەی ئەم ڕووداوانەی لە ڕۆمان و چیرۆکدا دەگێڕدرێنەوە. بەدوای یەکداهاتنی ڕووداوەکان و گێڕانەوەیان بە شێوەی زنجیرەیی، لە چوارچێوەی ڕێکخستنی هاوکاتیدا بەرجەستە دەبن. پەیوەست نەبوون بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەشێوەی زنجیرەیی ڕێکخستنی ناهاوکاتی دروست دەکا کە بەپێی تیۆری جێنێت ڕووداوەکان پاشخستن یان پێشخستنیان بۆ دەکرێ. شێوازی بنچینەیی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (نەتەوەی زێرابەکان) بەشێوەی ناهاوکاتییە، واتا لە ڕووی ڕێکخستنەوە دەشێ بگوترێ ئەم ڕۆمانە بەشێوەی گێڕانەوەی ناهاوتەریب لەگەڵ کاتدا گێڕدراوەتەوە کە هەمان ناهاوکاتی یان شکاندنەوەی کاتی پێدەگوترێ. ئەم ڕووداوانەی بەشێوەی زنجیرەیی بەدوای یەکدا ناگێڕدرێنەوە و گێرەڕەوە بەپێی پێویستی و ئارەزووی خۆی لە میانەی گێڕانەودا لەناو ڕۆماندا دەیانگێڕێتەوە لە چوارچێوەی دەرەوەی کات یان شکاندنەوەی کات بەرجەستە دەبن. ڕۆماننووس لەم شێوازەدا پشت بە دوو تەکنیکی جیاواز دەبەستێ کە بەپێی تیۆری جێرارد جێنێت (پێشخستن و پاشخستن)ی پێدەگوترێ.

**٣-١: پاشخستن**

لە ڕۆمانی (نەتەوەی زێرابەکان)دا ڕۆماننووس هەر لە سەرەتا و دەسپێکی ڕووداوەکان بە پاشخستن دەسپێدەکا. یەکسەر بە ڕووداوێک دەسپێدەکا کە لە ڕابوردوودا ڕوویداوە، بەڵام گێڕانەوەکەی بۆ کاتی ئێستا پاشخستووە و بەم چەشنە خوێنەر بۆ ناو کەشوهەوایەکی تەمومژاوی ڕادەکێشی. کارەکتەری سەرەکی ڕۆمان لە یەکەمین دیمەندا بەم جۆرە دەدوێ:

((من چەک کرام، بێ دەنگ و ئاسان چەک کرام، لە گەورەترین شەڕ، شەری دەستەویەخە، شەڕی مان و نەمان، چەک کرام و فڕێدرامە ناو جەنگەوە. جەنگێک کە بۆ هەمیشە و بۆ ئەبەد درێژەی هەیە.)) [غەریب، ٢٠١٣، ٧]

لێرەدا کارەکتەر ئەم ئازار و ڕەنج و نەهامەتیانە دەخاتەڕوو کە لە ئێستا و داهاتوودا دێنەپێشی و یەخەی بەرنادەن و بەهۆیەوە شەڕی مان و نەمان لەگەڵ چارەنووسی خۆیدا دەکا. بەم چەشنە سەرنجی خوێنەر بۆ ئەم ڕووداوە ناخۆشانە ڕادەکێشێ کە لە ئێستا و داهاتوودا بەسەریدا دێن. پاشخستنی ڕووداوەکان بەپێی ئەوەی کە پەیوەست بن بە گرێچنی ڕۆمانەکەوە بەسەر سێ جۆری (ناوەکی، دەرەکی و ئاوێتە) دابەش دەکرێن.

**٣-١-١: پاشخستنی ناوەکی**

لەم جۆرە پاشخستنەدا ڕووداوە پاشخراوەکە پەیوەستە بە ڕووداوە سەرەکییەکەی ڕۆمان کە لە بنچینەدا گرێچنی ڕۆمانەکە پێکدێنێ. بۆ نموونە لەم ڕۆمانەدا کاتێک کارەکتەری سەرەکی باسی ڕۆیشتنی دایکی دەکا، ئەم ڕووداوە دەگێڕێتەوە کە پێش کاتی ئێستای گێڕانەوەکە ڕوویداوە. ڕۆیشتن و ونبوونی دایکی پەیوەستە بە گرێچنی ڕۆمانەکەوە، چونکە بەهۆی ئەم ونبوونەی دایکییەتی دەکەوێتە ناو گێژەڵۆکی ناهەمواری ژیانەوە. ڕۆیشتنی دایکی پەیوەستە بە ڕووداوی ژنهێنانی باوکییەوە، واتا دایکی ژنی بەسەردا هاتووە و ئەمەش ناکۆکی لەنێوان باوانی کارەکتەری سەرەکی لێکەوتووەتەوە.

((ئەو ڕۆژەی بابم ژنێکی تازەی هێنایەوە ماڵێ داکم دوو ڕۆژ بوو کراسێکی ڕەش ڕەشی لەبەر کردبوو.))[ غەریب، ٢٠١٣: ٨]

بەم چەشنە دەردەکەوێ لەکاتی گێڕانەوەی ئەم ڕووداوانە، باوکی ژنی تازەی هێناوە و دایکی دوو ڕۆژ جلی ڕەشی لەبەر کردبوو. کەواتە گێڕانەوەی ڕووداوەکە بۆ کاتی ئێستا دواخراوە و گێڕەرەوە بە تەکنیکی پاشخستن بۆی دەگەڕێتەوە و دەیگێڕێتەوە. لە درێژەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە کاتی ئێستای ڕۆمانەکەدا بۆ ئەم دیمەنە دەگەڕێتەوە کە تێیدا هەفتەیەک دوای ژنهێنانی باوکی بە دڵڕەقی دایکی لە ماڵەکەیان دەردەکا و دوایین دیداری دایکی بەم چەشنە دەگێڕێتەوە.

((هەفتەیەک دواتر وەک خەون بینیم دەستێک بە هەمان دڵڕەقی بابمەوە لاقی داکمی گرت و ڕایوەشاند و بەخەبەری هێنا... لە لێواری ئاگاییدا دیتم دایکم نووشتەیەکی بۆن میخەکی لێدەهات لە ملی کردم و گوتی: قورئانەکە ئاگاداری بە. ئەو ڕۆیشت بەهەمان غەمگینی و دڵی کون کونییەوە ڕۆیشت و منی بە قورئانەکە سپارد. سپاردنێک وەک دڵم، تەواو وەک دەستی مردوو سارد و سارد. سەنگەرەکانم بەسەر یەکدا تەپین و چەکەکانم توانەوە.))[ غەریب، ٢٠١٣: ٩]

بەدرێژایی ڕۆمانی (نەتەوەی ژێرابەکان) گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە کاتی ئێستاوە بۆ کاتی ڕابوردوو دەگەڕێتەوە و لە ڕێگەی تەکنیکی پاشخستن گێڕەرەوە کە هەمان کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، ئەم ڕووداوانەی دەبوایە پێشتر و لەکاتی خۆی بیانگێڕێتەوە، پاشخستنی بۆ کردوون و لە کاتی ئێستادا دەیانگێڕێتەوە. بۆ نموونە پاش ڕۆیشتنی دایکی، باوکی ئەویش لە ماڵ دەردەکا و ئاوارە و دەربەدەر بەدوای دایکیدا دەگەڕێ. لەم ساتەوەختەدا کە تاک و تەنیا و وێڵ و سەرگەردان بە شاردا دەسووڕێتەوە، ڕووداوێک دەگێڕێتەوە کە پێشتر ڕوویداوە، بەڵام گێڕانەوەکەی بۆ کاتی ئێستا دواخستووە.

((کاتێک من گەیشتمە ئەو سەری شار، دوکان و ماڵی نانەوایەکە ئاگری گرتبوو وەک ئەو دۆزەخەی بابم گوتی بۆی بچۆ دەسووتا. چەند کەسێک نانەوای سووتاویان بە ئاگرەوە دەرهێنا، هەرکەسە و بەلایەکدا غاری دەدا، هەندێ منداڵی بزۆز و سەرلێشێواو لە حەشمەتان هاواریان دەکرد. ژنان لە ڕوومەتی خۆیان دەدا و کچان دەیانگوت ئەیرۆ.))[ غەریب، ٢٠١٣: ١١و١٢]

**٣-١-٢: پاشخستنی دەرەکی**

لە پاشخستنی دەرەکیدا ئەم ڕووداوانە بەشێوەی پاشخستن دەگێڕدرێنەوە کە پێشتر ڕوویانداوە، بەڵام گێڕانەوەکەیان بۆ کاتی ئێستا دواخراوە. ئەم ڕووداوانەی کە لە پاشخستنی دەرەکیدا دەگێڕدرێنەوە هیچ پەیوەندیان بە گرێچنی ڕۆمانەکەوە نییە و تەنیا گێڕانەوەی کۆمەڵە ڕووداوێکن کە مەبەست لێی ڕوونکردنەوەی بابەتێکی لاوەکی یان درێژەپێدانی گێڕانەوەیە. بۆ نموونە لە لاپەڕەی (١٨)ی ڕۆمانەکەدا کارەکتەر پاش دەرکردنی خۆی و دایکی لەلایەن باوکییەوە، دڵەڕاوکێ و نیگەرانی خۆی بۆ بابەتێک پیشاندەدا کە هیچ پەیوەندی بە گرێچنی ڕۆمانەوە نییە.

((من تازە قەڵەم و دەفتەرەکانم بۆ ئەبەد لە ناو تاقەی ژوورەکەی دایکمدا جێهێشت. قوتابخانەی من، پۆل و تەباشیر، مامۆستا و هاوڕێکانم بۆ هەمیشە لە ناو دەفتەرەکانمدا، لە ناو جانتا پەڕۆکەم بەجێمان.))[غەریب، ٢٠١٣: ١٨]

لە زۆر شوێنی ڕۆماندا کۆمەڵە ڕووداوێک بەشێوەی پاشخستنی دەرەکی گێڕدراونەتەوە و تەنیا مەبەست لێی وەسفکردنی بارودۆخی ئەم ڕێبوارانە بووە کە لە نێوانی ڕێگەکاندا دەستیان بۆ لۆرییەکە هەڵدەبڕی، تاکوو بە شوێنی مەبەستیان بگەینێ. ئەم گێڕانەوانە پەیوەست نین بە گرێچنی ڕۆمانەکە و ئامانج لێی پیشاندانی بەردەوامبوون لەسەر ڕۆیشتن بەرەو شوێنی نادیارە. بۆ نموونە:

((ئەو ڕێبوارانەی کە سواردەبوون بێ شومار حیکایەتیان دەگێڕایەوە و یەکسەڵەف قسەیان دەکرد. من گوێم لێدەگرتن و زەوقیشم لێوەردەگرتن، بەڵام هەرگیز خاڵێکم تێدا نەدیتەوە پەیوەندی بە منەوە هەبێت.))[ غەریب، ٢٠١٣: ٢٨ و ٢٩]

لە شوێنێکی دیکەدا کاتێک باس لە کرێکارە فەیلییەکە دەکا، ڕووداوێک دەگێڕدرێتەوە کە پێشتر ڕوویداوە، بەڵام پەیوەندی بە گرێچنی ڕۆمانەکەوە نییە و پتر بە مەبەستی ناساندنی کەسایەتی و وەسفکردنی کەسەکە گێڕدراوەتەوە؛ چونکە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ڕەوت و بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان نییە.

((ئەو حەمباڵە فەیلییە بە خۆی و کۆڵێکی چوار ئەوەندەی جەستەی خۆیەوە کەوتبووە ژێرابی گەورەی شۆڕیجەوە. ئەو کات خەڵک و دەوڵەت هەوڵێکی زۆریان دابوو فریایان بکەون. سەرئەنجام بارەکەیان دەرکێشابۆوە سەرزەوی و ڕزگاریان کردبوو، بەبۆنەی دەستکەوتنەوەی ئەو بارە بەنرخ و گەورەیە مەولوودیان گێڕابوو.))[ غەریب، ٢٠١٣: ٩٠ و ٩١]

**٣-١-٣: پاشخستنی ئاوێتە**

لەم جۆرە پاشخستنەدا چەند ڕووداوێک پاشخستنیان بۆ کراوە کە لە سەرەتادا هیچ پەیوەندیان بە گرێچنی ڕۆمانەکەوە نییە، بەڵام لە داهاتوودا بە گرێچنی ڕۆمانەکەوە گرێدراون. ئەم جۆرەیان لەناو ڕۆمانی (نەتەوەی ژێرابەکان)دا یەکجار کەمە و لە خوارەوە ئەم گێڕانەوانە دەگوازرێنەوە. بۆ نمونە لەم دەقەی خوارەوەدا کاتێک وەسفی شەوانەی ناوچەی پیشەسازی (شێخ عومەر) دەکا، ئاماژە بەوە دەدا کە شەوانە تەنیا تاژی و سەگ و پشیلەی لێ بەدیدەکرا، واتا شوێنێکی چۆل و بێ هاموشۆ بووە؛ بەڵام دواتر کە ئەم شوێنە دەبێتە نیشتمانی کارەکتەری سەرەکی، بەم چەشنە نامێنێتەوە و دەبێتە مۆڵگەی ژنە سوزانی، پیاوی هەوەسباز، بکوژ و ...هتد. بەم چەشنە دەردەکەوێ لە سەرەتادا چۆل و بێ هاموشۆ بوونی ئەم ناوچەیە کە لە بنچینەدا پەیوەندی بە گرێچنی ڕۆمانەوە نییە، دواتر بەهۆی مانەوەی کارەکتەری سەرەکی لەم شوێنەدا دەبێتە مەڵبەندی خەڵکانی بێشوێن و بێ ماڵ و دەبێتە دەروازەی ئەم ئیمپراتۆرییەتەی کە بە مەملەکەتی ژێرابەکان پێناسە دەکرێ و بەم چەشنە بە گرێچنی ڕۆمانەکەوە گرێدەدرێتەوە.

((شەوانە شێخ عومەر وڵاتی تاژی و سەگ و پشیلە بوو. سەربەست و کامەران بەناویدا دەسووڕانەوە. تەنها بە بۆنی من سەغڵەت بوون کە دیار بوو هێشتا بۆنی ئادەمیزادم لێدەهات.))[ غەریب، ٢٠١٣: ٤٨]

لە لاپەڕەی (١٠٣)ی ڕۆمانەکەدا ڕووداوێک بەشێوەی پاشخستنی ئاوێتە دەگێڕدرێتەوە کە لە بنچینەدا پەیوەندی بە گرێچنی ڕۆمانی (نەتەوەیژێرابەکان)ەوە نییە، بەڵام لە لاپەڕەی (١٣٨) بە گرێچنی ڕۆمانەوە پەیوەست دەکرێ. لێرەدا باسی (کۆچە مێژووییەکە) دەگێڕدرێتەوە:

((ئەو شەوەی کۆچە مێژووییەکەمان کرد، ئەو کۆچەی کە مێژووی ئەو هەسارەیەی کرد بە دوو بەشەوە، مێژوویەکی مەزن و گەورە و مێژووی نەفرەت و تفتیش بۆ ئێمە، کۆچی گەورەی بوونەوەرە تارماییەکان وامانزانی بۆ هەمیشە لە قەباعەتی ئەو گیاندارە دوو پێیەی سەر زەوی، ئەوەی بە خەیاڵ و بە ڕاستی بۆ ئاسمانەکان دەفڕێت ڕزگاربووین.))[غەریب، ٢٠١٣: ١٠٣]

ئەم (کۆچە مێژووییە) لە درێژەی ڕۆمانەکەدا بە گرێچنی ڕۆمانەکەوە دەبەسترێتەوە، بەوەی کە لە ئەنجامی ئەم کۆچە ژێرابەکانیان ئاوەدان کردەوە و بە نەتەوەی ژێرابەکان ناسران. ئەم بابەتە بەم چەشنە بە ڕووداوە سەرەکییەکانی ڕۆمانەوە لکێنراوە:

((یەکە یەکە تارماییەکان پەیامی یەکەمیان خوێندەوە، لەسەر جەستەی خۆڵینی یەکتریان نووسییەوە. هاتنە ناو ژێرابەکان و شارە ون و نهێنییەکانی ژێر زەویان دروستکرد.))[غەریب، ٢٠١٣: ١٣٨]

**٣-٢: پێشخستن**

ئەم ڕووداوەی کە ڕوودانەکەی لەناو زنجیرەی بەدوای یەکداهاتنی ڕووداوەکان بۆ کاتی داهاتوو بگەڕێتەوە و گێڕەرەوە لە کاتی ئێستای ڕۆماندا بیگێڕێتەوە، پێشخستنی پێدەگوترێ. واتا گێڕەرەوە بۆ کاتی داهاتوو باز دەدا و ئەو ڕووداوەی کە لە داهاتوودا ڕوودەدا یان ڕەنگە ڕووبدا، بۆ کاتی ئێستا دەگوازێتەوە و دەیگێڕێتەوە. واتا کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکە پێش کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە دەخا. ئەم تەکنیکەش بەبێی تیۆری جێرارد جێنێت بە هەمان شێوەی (پاشخستن) سێ جۆری هەیە کە بریتین لە: (پێشخستنی ناوەکی، دەرەکی و ئاوێتە).

**٣-٢-١: پێشخستنی ناوەکی**

لەم جۆرەدا ئەم ڕووداوانەی پێشخستنیان بۆ دەکرێ، پەیوەستن بە گرێچنی ڕۆمانەکەوە و بنچینەی ڕووداوەکانی لەسەر بنیات دەنرێ. ئەم ڕووداوانەی لە دەقی خوارەوەدا دەگێڕدرێنەوە کۆمەڵە ڕووداوێکن لە داهاتوو ڕوودەدەن و پەیوەستن بە گرێچنی ڕۆمانەوە کە گێڕەرەوە پێشوەختە، واتا پێش ڕوودانیان دەیانگێڕێتەوە. دوابەدوای ئەوەی باوکی ئەم مندالە لە ماڵەوە دەردەکا، کابرای کەتە دەستی دەگرێ و لەگەڵ خۆیدا بۆ چایخانەکە دەیبا و ئینجا نان و چای بەیانی پێدەدا و پاشان لە گەڵ خۆیدا دەیبا و سواری لۆرییە زەردەکەی خۆی دەکا. کارەکتەری سەرەکی ڕۆمان لە کاتی ئێستادا دەست بە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی داهاتوو دەکا.

((سواری لۆریە زەردەکەی خۆی کردم. من تاکە کەسم پێش ئەوەی سواری عەرەبانە و پایسکل و قەمەرە ببم سواری لۆری بم. لەو ڕۆژەوە هەرگیز نازانم گەیشتن چییە! نازانم بۆ دەبێ بگەین! بۆ کوێ دەچین و لەکوێ دەگیرسێینەوە. ئێمە دەڕۆین بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە. ئێمە دەچینە شارێک بۆ ئەوەی بمانگەیێنێتە گوندێک. دەچینە شارۆچکەیەک بۆ ئەوەی لێیەوە بگەڕێینەوە شار...))[غەریب، ٢٠١٣: ٢١]

لە دەقی خوارەوەدا گێڕەڕەوە وەسفی شاری بەغدا دەکا، لەکاتێکدا هێشتا بەغدای نەبینیوە و تەنیا لە خەڵکی گوێی لە جوانی شارەکە و کیژ و کوڕەکانی بووە. ئەم گێڕانەوەیە بە گرێچنی ڕۆمانەکەوە پەیوەستە، چونکە ڕووداوەکانی داهاتووی ناو ڕۆمانەکە لەم شارەدا ڕوودەدەن و چەقی ڕووداوەکان لەم شارە دایە.

((لە خەیاڵی مندا لە بەغدا خانووەکان تا بنمیچی ئاسمان لەسەر یەک کەڵەکە کراون. شەقامەکانی ئاوێنەن و خەڵکەکەی پەمۆن. کچەکانی هێشووە ترێن و کوڕەکانی کارامز، درەختەکانی کریستاڵن و ئاوەکەی مرواری.)) [غەریب، ٢٠١٣: ٣٧ و ٣٨]

هێشتا نەتەوەی زێرابەکان کۆچەکەیان بۆ ناو زێرابەکان دەسپێنەکردووە و گێڕەڕەوە ڕووداوی بڵاوبوونەوەی پۆل پۆلی دەستە جیاجیاکانی ئەم نەتەوە بەناو ڕێڕەوی زێرابەکان بەشێوەی پێشوەختە دەگێڕێتەوە. باسی ئەوە دەگێڕێتەوە وەکوو تاکە ئەندازیار لەوێدا شارەزایانە ڕەگی خاک و بەربەست و ڕێڕەوە ئاوڕێژەکان دەسنیشان دەکا، لەکاتێکدا هێشتا بۆ ئەوێ نەڕۆیشتوون و دەستی بە کاری ئەندازیاری خۆی نەکردووە. ئەم ڕووداوانە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە گرێچنی ڕۆمانەکەوە هەیە.

((نەتەوەی زێرابەکان، لەشکری تارمایی لە دەیان ڕێڕەوەوە بە ناو سەدان قەمتەردا بڵاوبوونەوە. تۆنێلە دوور و درێژەکان لە ژێر زەوییەوە تێدەپەڕین. ئەو کاتە من وەک تاکە ئەندازیاری تارمای ڕێگاوبان دەرکەوتم. دۆزینەوەی ڕەگی خاک، دەماری گڵین و خۆ لادان لەبەر دەڵانی فراوان کاری من بوو. دەمتوانی دەماری گڵین تا مەودایەکی دوور و درێژ دەسنیشان کەم. ڕەگی بەردە سەخت و پتەوەکان دەسنیشان کەم.))[غەریب، ٢٠١٣: ١٤٥]

**٣-٢-٢: پێشخستنی دەرەکی**

پێشخستنی دەرەکی بریتییە لەوەی ڕووداوێک پێش ئەوەی ڕووبدا، بگێڕدرێتەوە و لە بنچینەدا ئەم ڕووداوە بە گرێچنی ڕۆمانەوە پەیوەست نەبێ. لە ڕۆمانی (نەتەوەی زێرابەکان)دا گێڕەڕەوە ڕووداوی سەرکەوتنی ڕێبواران لە داهاتوودا بۆ سەر لۆرییە زەردەکە دەگێڕێتەوە کە پەیوەندی بە گرێچنی ڕۆمانەوە نییە.

((چەندان کەس لەگەڵ خۆمان سوار دەکەین ئەوان دەگەن و دادەبەزن، خەڵکی دیکە سەردەکەون و پێشی لۆرییەکە بۆ هەمووان تەسک دەبێت، من لەسەر کۆشی خۆیان دادەنێن و بە هاوار هاوار قسە دەکەن، ئەوان دەگەن و ئێمە بەڕێوەین.)) [غەریب، ٢٠١٣: ٢٣]

لە دەقی خوارەوەدا گێڕەڕەوە باسی ڕۆیشتنی وەستاکەی دەکا کە بۆ سەردانی خزم یان هاوڕێ یان ژنێکی سفوور دەڕوا. ئەم سەردانی کردنانە هێشتا ڕوویان نەداوە و گێڕانەوەیان بۆ کاتی ئێستا پێشخراوە و لە بنەڕەتدا ئەم سەردانانە هیچ پەیوەندیان بە گرێچنی ڕۆمانەکەوە نییە. هەروەها باسی هاتنەوەی وەستاکەی دەکا، ئەم هاتنەوەیە ڕووی نەداوە و تەنیا پێشبینی دەکا. بەم چەشنە پێشبینی ڕووداوێک دەکا کە ڕەنگە لە داهاتوودا ڕووبدا و ئەم ڕووداوە پێشبینی کراوە لە کاتی ئێستای ڕۆمانەکە دەگێڕدرێتەوە و پەیوەندی بە گرێچنی ڕۆمانەکەوە نییە.

((ئێستا وەستاکەم هاتۆتەوە و چاو بۆ من دەگێڕێ. ئو هەروا بۆ کارێکی بەپەلە چوو تا بەیانی زوو بێتەوە. وەک ئەوەی سەر لە پوورێکی غەریبی بدات، یان برادەرێکی سەردەمی سەربازی بەسەر بکاتەوە، یان دوور لە چاوی من بە دوای ژنێکی سفووردا بگەڕێت هەر بۆ ئەوەی سەیری بکات. [غەریب، ٢٠١٣: ٤٤ و ٤٥]

**٣-٢-٣: پێشخستنی ئاوێتە**

لە پێشخستنی ئاوێتەدا ڕووداوێک پێشخستنی بۆ دەکرێ کە سەرەتا بە گرێچنی ڕۆمانەوە پەیوەست نییە، بەڵام دواتر پێیەوە گرێ دەدرێ. بۆ نمونە دواتر کارەکتەری سەرەکی کە بێکەس و تەنیا دەمێنێتەوە و وەستاکەی لە بەغدا لەناو سکرابخانە بەجێی دێڵێ، بۆدی لۆرییەکەی دەبێتە ماڵی تەنیایی ئەو و دواتر زۆربەی ڕووداوەکان لەم ماڵە ئاسنینەوە ئاراستە وەردەگرن. لەم دەقەی خوارەوەدا گێڕەڕەوە ئەم ڕووداوە پێش ئەوەی بەسەر کارەکتەری سەرەکیدا بێ، دەگێڕێتەوە، لە بنچینەدا ئەم ڕووداوە لە سەرەتادا بە گرێچنییەوە پەیوەست نییە؛ بەڵام دواتر بەهۆی کۆمەڵە ڕووداوێکەوە بە گرێچنی گرێدەدرێ.

((دوا لۆری، مەرج نەبوو دوا لۆری لە ژیانمدا هەبێت، بووە ماڵم، ماڵێک لەسەر زەوی، بێ جوڵە و سوڕانەوە و باڵگرتن، بێ ڕێبواری سەر و دڵ گەرم، بێ دەروێش و قەرەج و بازرگان.))[غەریب، ٢٠١٣: ٣٠]

لەم شوێنەدا کە گێڕەوە باسی شەوانی سکرابخانەکە دەکا، ڕووداوێک دەگێڕدرێتەوە کە دواتر لە بەشەکانی دیکەی ڕۆمانەکە ڕوودەدەن و لە سەرەتادا دەردەکەوێ ئەم ڕووداوە پەیوەست نییە بە گرێچنی، بەڵام دواتر ئەم ڕووداوە دەبێتە هەوێنی گرنگترین بەشی ڕۆمانی (نەتەوەی زێڕابەکان) و ئەویش بریتییە لە کۆچی دانیشتووانی ئەم سکرابخانەیە و دامەزراندنی نیشتمان و نەتەوەی زێڕابەکان.

((جگە لە دانیشتووانە هەمیشەییەکانی سکرابخانەکە شەوانە چەندان دەستە و گرووپ دێن و ژیانی هەمووان دەخەنە سەر لەپی دێو، ئەم دەستە و گرووپانە بە مرۆڤەکانی ڕووناکی ناسراون. ئەو مرۆڤانەی ڕووناکی وەک ئەو نەشارەزایانە دەچن بە چەکوچ پەیکەری پڕ وردەکاری هونەرمەندێک دەسکاری بکەن کە بۆخۆی بە دەرزی درووستیکردووە. هەندێکیان بازۆڵە ئەستوور و یەشماغ لە ملن، هەندێکیشیان بۆکس خەنجەر بەدەست و چەقۆکێشن.))[غەریب، ٢٠١٣: ٥١]

دەرکەوتنی ئەم کارەکتەرە سەمەرانە دەبێتە هۆی کۆچی مێژوویی و ئینجا دواتر نەتەوەی زێڕابەکان لەسەر بنەمای ئەم کۆچە دادەمەزرێ و ئیتر سەرجەمی ڕووداوەکانی داهاتووی ڕۆمانی (نەتەوەی زێڕابەکان) لە ئەنجامی ئەم کۆچەوە بنیات دەگرێ.

### ٤- بەردەوامی:

بەردەوامی دەسنیشانی پەیوەندی نێوان ئەم کاتە دەکا کە ڕووداوێک لە جیهانی واقیعدا ڕوودەدا و لە دەقێکی گێڕانەوەییدا ئەم ڕووداوە دەگێڕدرێتەوە. کەواتە بەردەوامی بریتییە لە پێوانی مەودای خایاندنی ڕووداوێک لە ڕووی زەمەنەوە بە مەودای خایاندنی گێڕانەوەی هەمان ئەم ڕووداوە. بەم چەشنە لە بەردەوامیدا گرنگی بە ماوەی کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە و ماوەی گێڕانەوی ئەم ڕووداوە دەدرێ. بەپێی تیۆری (جێرارد جێنێت) بۆ زەمەنی گێڕانەوە بەردەوامی واتا مەودای نێوان ماوەی ڕووداو و مەودای ماوەی گێڕانەوەی ڕووداوەکە لە چوار جۆردا دەسنیشان دەکرێن کە بریتین لە: ((دیمەن، وەسف، پوختە، سڕینەوە.))[Genette, Gerard: 1983, 95]

### ٤-١: دیمەن

لە جۆری دیمەندا مەودای گێڕانەوەی ڕووداو و خودی ڕووداوەکە لە ڕووی زەمەنییەوە یەکسانن. واتا زەمەنی گێڕانەوە لەگەڵ زەمەنی ڕووداوەکە یەکسانە. جۆری دیمەن پتر لە گفتوگۆ و جۆرەکانی گفتوگۆ بەدیدەکرێن. لە ڕۆمانی (نەتەوەی زێڕابەکان)دا تەکنیکی گفتوگۆ بە گشت شێوازەکانی، بە ڕادەیەکی یەکجار کەم بەکار هاتووە و هەر لەبەر ئەم هۆیە دەردەکەوێ ڕێژەیەکی زۆر کەم لە جۆری دیمەن لە بەردەوامیدا بەدیدەکرێ. گفتوگۆکان لەم ڕۆمانەدا یەکجار کورتن و بەزۆری بە شێوەی تاک ڕستە دەردەکەون. ژمارەی سەرجەم ڕستەکانی گفتوگۆی نێو ڕۆمانی (نەتەوەی زێڕابەکان) لە (١١٤) ڕستە پێکدێ. لەم ژمارانە تەنیا چوار گفتوگۆی درێژی تێدا دەخوێنرێنەوە. لێرەدا تەنیا ئاماژە بە یەکێک لەم گفتوگۆ درێژانە دەدرێ. لەم گفتوگۆیەدا مەودای ڕووداوی گفتوگۆکە لەگەڵ مەودای گێڕانەوەی ڕووداوی گفتوگۆکە لە ڕووی زەمەنی گێڕانەوە و زەمەنی ڕووداودا یەکسانە.

((ژنەی قژبڕ دەپرسی: تۆ بۆ ئەوەندە لەم کۆترانە نیگەرانی.

من گوتم: دوو نیشانەی نەگبەتی لەو کۆترانەدا هەیە.

پرسییەوە: دوو نیشانە؟

گوتم: ئەوان نیشانەی پەیامن.

کارگوزاری یەکەم گوتی: تارمایی هەرگیز پەیام بۆ کەس نانێرێ و چاوەڕێی پەیامی کەسیش باکات.

گوتم: ئەوان ڕووناکیان هێناوە.

کارگوزارێکی منداڵ گوتی: ڕووناکی چ کارەساتێکە بۆ تارمایی.

گوتم: سەرەڕای ئەوانە، ئەوان دەفڕن و بە ئاسماندا دەگوزەرێن.

کارگوزارە منداڵەکە گوتی: لە ئاسماندا زێراب هەیە؟))[غەریب، ٢٠١٣: ١٢٧-١٢٨]

**٤-٢: وەسف**

لەم جۆرەدا زەمەنی گێڕانەوەی ڕووداو لە خودی زەمەنی ڕوودانی ڕووداوەکە درێژتر دەبێ. کەواتە ئەم ڕووداوەی لە مەودایەکی زەمەنی کورتدا ڕوویداوە لە مەودایەکی زەمەنی درێژدا دەگێڕدرێتەوە. بەمانایەکی وردتر زەمەنی ڕووداو خاو دەکرێتەوە یان دەوەستێنرێ و گێڕانەوەی ڕووداوەکە کاتێکی زیاتری بۆ تەرخان دەکرێ. لە وەسفکردندا دابڕانی کات ڕوودەدا بەچەشنێک کاتی پێویست بۆ خوێندنەوەی ڕووداوێک، لە خودی ڕووداوەکە درێژترە. ئەم جۆرەیان لە ڕۆمانی (نەتەوەی زێرابەکان)دا جۆری زاڵە و بەشێوەیەکی بەرفراوان لە پانتایی ڕۆمانەکەدا بەکاربراوە. بۆ نمونە لەم دەقەی خوارەوەدا کە وەسفی دیمەنی چوونە ژوورەوەی باوەژن و باوکی بۆ ژوورەوە دەکا، زەمەنی ڕووداوەکە خاوە دەکرێتەوە و گێڕانەوەی ڕووداوەکە بەهۆی وەسفی هەندێ شتی دیکەی پەیوەست یان ناپەیوەست بە ڕووداوەکە درێژ دەرکرێتەوە.

((ئەوان چوونە ژوورێ بێ ئەوەی ئاوڕێک لە دایکم بدەنەوە، یان نیگایەکی من بکەن. کە دەرگاکەیان لەودیوەوە توونـد داخست، پشیلە پیرەکە چەند جارێک میاواندی و گمەگمی زۆر غەمگینی کوکوختییەک وەک گەڵای پایز زەردزەرد هەڵوەری، داکم توند منی لە باوەش کرد و لێوەکانی وەک گوێزی هیندیان پێوەکرابێ، وشک بوون و سپی سپی هەڵگەڕان، بەڵام بۆ من شیرین شیرین بوون.))[غەریب، ٢٠١٣: ٨]

لەم دیمەنەی خوارەوەدا گێڕەرەوە ڕووداوی بیستنی خشپەیەک دەگێڕێتەوە، لەم کاتەدا زەمەنی ڕووداوەکە دەوەستێنێ و زەمەنی گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە درێژدەکاتەوە. بەم چەشنە زەمەنی گێڕانەوەی ڕووداو لە ڕووی مەودای کاتەوە درێژتر لە زەمەنی خودی ڕووداوەکە دەردەکەوێ.

((لە پەنا ماڵە لۆریەکەم گوێم لە خشپەیەکە، ئێستا من خشپەی مشک لە جرج جیادەکەمەوە. یەکەم گۆرانی من لە نازانم چییەوە بۆ تارمایی هەستکردن بوو بەخشپە، لێ ورد بوونەوە بوو لە بەربوونەوەی چەند دەنکە خۆڵێک. ڕێوی و کەروێشک دەنگی جووڵە و خشپەیان جیایە. تەپەی پێی جرجە گەورەکانی شێخ عومەر لە ئەسپەوە نزیکترە تا گوجیلە سەگ. دەنگی پێ دێت. دەنگی پێیەکە نزیکترە، ترپەی پێیەکی ڕووت، جیتەی پێ لە قوڕنان. پێیەکی ڕووت و ترساو و تەڕ. کە نە ئی جرج و سەگە، نە ئی ڕێوی و تاژییە.))[غەریب، ٢٠١٣: ٥٤ و ٥٥]

**٤-٣: پوختە**

لە پوختەدا ماوەی گێڕانەوەی ڕووداو لە ڕووی زەمەنەوە لە ماوەی ڕوودانی ڕووداوەکە کورتترە. واتا ئەم ڕووداوانەی کە لە ماوەیەکی زەمەنی درێژدا ڕوویانداوە لە کاتی گێڕانەوەدا پوخت دەکرێنەوە و لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا دەگێڕدرێنەوە. ئەم تەکنیکە بەمەبەستی خێراتر گێرانەوەی ڕووداوەکان بەردەست دەکرێ. لە ڕۆمانی (نەتەوەی زێرابەکان)دا ئەم تەکنیکە زۆر بەرچاوە و ڕۆماننووس بەمەبەستی گێڕانەوەی خێرای ڕووداوەکان پەنای بۆ بردووە. بۆ نمونە

((ئەوان لەسەر ڕێگای گوندەکان و نزیک نەخۆشخانەی ماڵەکانیان و پشت تەکیەی گوندەکەیان دادەبەزن و ئێمە بەرەو شار مل دەنێین. ئەوان دەگەنە شارو ئێمە بۆ شارێکی دیکە بەڕێدەکەوین. ئەوان دەگەنە گوندەکانیان و ئێمە بەرەو گوندێکی کە مل دەنێین. ئەوان دەگەنە ماڵی خزمەکانیان و ئێمە بۆ شارۆچکەیەکی دیکە بەڕێوەین.))[غەریب، ٢٠١٣: ٢٤]

ئەم گەیشتن و دابەزین و سەرکەوتنەوە و بەڕێوەبوونە، کۆمەڵە ڕووداوێکن کە زەمەنی ڕوودانیان گەلێک دوورودرێژترە لەم زەمەنەی کە لە دەقی ڕۆمانەکەدا گێڕدراوەتەوە. واتا گێڕانەوەی ئەم ڕووداوانە لە ڕووی زەمەنەوە، لە زەمەنی ڕوودانی ڕووداوەکان کورتترە. لە نمونەیەکی دیکەدا ڕووداوێک دەگێڕدرێتەوە کە بەدرێژایی هاوین ڕوویداوە و بەردەوام بووە، کەچی لە گێڕانەوەیەکی کورتدا ڕووداوەکە بۆ چەند دێڕێک پوخت کراوەتەوە.

((ئەو هاوینە یەک لە دوای یەک مەیت هاتنە خوارێ، لە هەموو ڕێژاوەکاندا بەسەرماندا دەڕژان. هەندێکیان ئەوەندە ئەستوور ببوون بۆ ماوەیەکی درێژ بەری ڕێژاوەکانیان دەگرت.))[غەریب، ٢٠١٣: ١٠٨]

**٤-٤: سڕینەوە**

بەپێی تیۆری زەمەنی گێڕانەوەی جێرارد جێنێت، سڕینەوەی بەشێک لە ڕووداوێک یان ڕووداوێک بەتەواوی پەیوەستە بە تەکنیکی بەردەوامی کە پێوانی مەودای زەمەنی ڕووداو و گێڕانەوەی ڕووداوەکانی لە ئەستۆیە. سڕینەوە واتا بەشێک لە ڕووداوێک

یان هەمووی بەتەواوی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا لابدرێ و بسڕێتەوە. ئەم تەکنیکە بە سێ شێوەی (سڕینەوەی ئاشکرا، سڕینەوەی نائاشکرا و سڕینەوەی مەزەندە) دەردەکەوێ. هەر یەک لەم جۆرانەش بەپێی بنەمایەکی دیاریکراو، لێک جیادەکرێنەوە.

### ٤-٤-١: سڕینەوەی ئاشکرا

لەم جۆرەدا بە شێوەیەکی ئاشکرا سڕینەوە و لابردنی ڕووداوەکان لە کاتی گێڕانەوەدا ڕادەگەیێنرێ. لەم جۆرەدا بە هێنانی دەستەواژەی جیاجیا لەناو دەقدا بە ئاشکرا خوێنەر لە سڕینەوەی کۆمەڵە ڕووداوێک ئاگادار دەکاتەوە وەکوو (پاش ڕۆژێک، دوای یەک هەفتە، مانگێک بەسەرچوو، ساڵێک تێپەڕی و ...) لەکاتی گێڕانەوەی ڕووداوێکدا کاتێک ئەم دەستەواژانە دەرکەوتن، خوێنەر بۆی ڕوون دەبێتەوە کۆمەڵە ڕووداوێک لەم نێوەندەدا لابراون و سڕاونەتەوە. لە ڕۆمانی (نەتەوەی زێرابەکان)دا ئەم جۆرە سڕینەوە زۆر بە کەمی بەکارهاتووە. بۆ نمونە لە ڕووداوێکدا کە باوکی کارەکتەری سەرەکی ژنی دووەمی بەسەر دایکیدا هێناوە و لەگەڵ ژنە نوێکەی دەچنە ژووری خەوتن، یەکسەر لە دوای ئەم گێڕانەوەیە ڕووداوێک دەگێڕدرێتەوە کە هەفتەیەک دواتر ڕوویداوە و لە ئەنجامدا دایکی لەلایەن باوکییەوە لە ماڵێ دەردەکرێ. لەنێوان گێڕانەوەی پێش دەرکردنی دایکی و ڕووداوی چوونە ژووری خەوتنی باوکی و باوەژنی، هەفتەیەک مەودای زەمەنی هەیە کە بێگومان کۆمەڵە ڕووداوێک ڕوویانداوە، بەڵام گێڕەرەوە ئەم ڕووداوانەی لابردووە و نەیگێڕاونەتەوە واتا ئەم ڕووداوانەی بەتەواوی لە گێڕانەوەی ڕۆماندا سڕیوەتەوە.

((هەفتەیەک دواتر وەک خەون ببینم دەستێک بەهەمان دڵڕەقی باوکمەوە لاقی داکمی گرت و ڕایوەشاند و بەخەبەری هێنا.))[غەریب، ٢٠١٣: ٩]

ئەم دەقەی خوارەوە نمونەیەکی دیکە بۆ سڕینەوەی ئاشکرایە کە بە دەستەواژەی (دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە) دەسپێدەکا. بەرلەوەی ئەم بابەتە بگێڕدرێتەوە، گێڕەرەوە بەسەرهاتی ئەم قسانە دەگێڕێتەوە کە کابرای ڕێبواری ناو لۆرییەکە بۆ کارەکتەری سەرەکی و شۆفێری لۆری دەیانگێڕێتەوە و وەسفی شەقامەکانی بەغدا و هاموشۆی ژنە سفوورەکان دەکا. لەپڕ ئەم ڕووداوانەی لەکاتی ڕۆیشتنی لۆری و قسەوباسی نێوان سەرنشینەکان ڕوویانداوە، سڕاونەتەوە و کارەکتەری سەرەکی دەست بە گێڕانەوەی ڕووداوێک دەکا کە پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ ڕوویانداوە. بەم چەشنە دەردەکەوێ ڕووداوی گەیشتن بە بەغدا و دابەزین لە لۆری و چوونی کارەکتەری سەرەکی بۆ ناو شەقام و کۆمەڵە ڕووداوێکی دیکە لابراون و یەکسەر دەست بە گێڕانەوەی ڕووداوێک دەکرێ کە پێش ئەوەی ڕوو بدەن، کۆمەڵە ڕووداوێکی دیکە ڕوویانداوە. سڕینەوەی ئەم ڕووداوانە لە ڕووی زەمەنەوە لەلایەن گێڕەرەوە دەسنیشان کراوە و خوێنەری لێ ئاگادار کراوەتەوە.

((دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لەبەردەم باخچەکەی ئەودیوی شەقامی شێخ عومەر لەسەر سەکۆیەک دانیشتبووم، ژنێکی سفوور پارەیەکی هەڵدایە ناو کۆشم.))[غەریب، ٢٠١٣: ٦٧]

### ٤-٤-٢: سڕینەوەی نائاشکرا

لە سڕینەوەی نائاشکرادا گێڕەرەوە بەشێوەیەکی ورد و دیاریکراو زەمەنی سڕینەوەی ڕووداوەکان پیشان نادا، بەڵکو تەنیا بەهۆی دەستەواژەی لەم چەشنە (چەندین ڕۆژ تێپەڕی، ماوەیەک بەسەرچوو، چەند مانگ دواتر، ساڵانێک دواتر و ...هتد) ئاماژەیان پێدەدا. جۆری سڕینەوەی نائاشکرا بە شێوەیەکی بەرفراوان لەم ڕۆمانەدا بەرچاو دەکەوێ. بۆ نمونە کاتێک کارەکتەری سەرەکی لە تەمەنی منداڵییەوە بەرەو تەمەنی هەرزەکاری و لاوێتی هەڵدەکشێ، بەشێوەی سڕینەوەی نائاشکرا لە ڕۆمانەکەدا ئاماژەی پێدەدرێ.

((ساڵەکان بێ ناوونیشان و سڵاو لەودیو شووشەکەوە ون دەبوون. ئەو ساڵانە چەند میهرەبان بوون، چەند بێ سێبەر و بێدەنگ بوون. ئەو ساڵانە وەک بۆ بێگار هاتبن، هەرگیز دەفتەرەکانیان نەکردەوە شتێک بنووسن.))[غەریب، ٢٠١٣: ٢٥]

گێڕەرەوە دوای گێڕانەوەی ڕووداوی دەرچوونی کارەکتەری سەرەکی بۆ ناو شەقامەکانی بەغدا، یەکسەر بێ ئەوەی ئاماژە بەو ڕووداوانە بکا کە لە ماوەی پێشتر ڕوویانداوە، بە دەستەواژەی (ئەوە چەند شەوە) دابڕانێک لەنێوان کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و کاتی ڕوودانیان بەدیدێنێ. واتا چەند یان کۆمەڵە ڕووداوێک دەسڕێتەوە و باسیان ناکا و خێرا باسی ئەو پێڵاوە دەکا کە چەند شەوێکە لای بووە. جگەلەوە ژمارەی ئەم شەوانەشی دیاری نەکردوە کە پێڵاوەکان لای ئەو بوونە و ئەمەش تایبەتمەندی ئەم جۆرە سڕینەوەیە. بەم جۆرە بەشێوەی نائاشکرا زەمەنی ڕووداوەکانی ئەم ماوەیەی سڕیوەتەوە.

((ئەوە چەند شەوە پێڵاوە پاژنە بەرزەکانم لەو فیتەرانە دزیوەتەوە و هەر بە دەستمەوەن. لەکاتی نانخواردندا دەیانخەمە کۆشم و شەوانە لە پشت سەرمیان دادەنێم.))[غەریب، ٢٠١٣: ٦٧ و ٦٨]

لەم نمونەی خوارەوەدا سڕینەوەی نائاشکرا بەرچاوە و ئەو زەمەنەی لەم گێڕانەوەیەدا سڕاوەتەوە، زەمەنێکی نادیار و نائاشکرایە و ڕووداوەکانی ئەم زەمەنەش کۆمەڵە ڕووداوێکی لابراو و سڕاوە و سانسۆر کراون کە بەهیچ شێوەیەک نەگێڕدراونەتەوە.

((دوای چەندان و چەندان لەو زەمەنە هێواشە کارگوزاری مێخ هەر لە شوێنەکەی خۆی وەک عەبدولئەمیر بووە پەیکەر و مێخەکەی لە دەست بەربۆوە.))[غەریب، ٢٠١٣: ١٧٩]

**٣-٤-٤: سڕینەوەی مەزەندە**

لە سڕینەوەی مەزەندەدا هیچ ئاماژە یان شوێن پێی سڕینەوەی ڕووداو بە شێوەی سڕینەوەی ئاشکرا و نائاشکرا بەدیناکرێ و خودی خوێنەر دەبێ ئەم سڕینەوەیە بدۆزێتەوە و درکی پێبکا. بۆ نمونە لەم گێڕانەوەی خوارەوەدا گرووپی تۆنێڵدڕ مەودایەکی دەیان کیلۆمەتری دەبڕن و دواجار دەگەنە شوێنێکی شیاو بۆ ئەوەی تۆنێلی تێدا هەڵبدڕن. زەمەنی ڕوودانی ئەم ڕێپێوانە کە مەودایەکی دەیان کیلۆمەتری بووە و بێگومان لەم مەودا زەمەنییەدا کۆمەڵێک ڕووداو ڕوویانداوە، بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەکی بۆ دانرابێ سڕاوەتەوە و خوێنەر دەبێ خۆی هەست بەم دابڕانە لە زەمەنی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بکا.

((گرووپی تۆنێڵدڕی ئێمە دوای دوورکەوتنەوە لە سەرچاوەی زێرابەکان بۆ دەیان کیلۆمەتر، بۆ یەکەمینجار گەیشتینە گڵێکی بێ دەماری وردی وەک خەنە.))[غەریب، ٢٠١٣: ١٤٧]

لە نمونەی خوارەوەدا سڕینەوەی مەزەندە هەیە، چونکە کاتێکی زەمەنی لەناخی گێڕانەوەکەدا سڕاوەتەوە و خوێنەر دەبێ ئەم کاتە بدۆزێتەوە و هەستی پێبکا. گێڕەرەوە بابەتی بە پەیکەر بوونی کارگوزاری مێخ دەگێڕێتەوە و ئاماژە بەوە دەکا، کاتێک لەم ڕووداوە ئاگادار بوونەتەوە کە ژمارەیەک کۆتر لەسەر پەیکەرەکە نیشتوونەتەوە. زەمەنێکی لابراو هەیە لەنێوان ئەم کاتەدا کە کارگوزاری مێخ لەوێدا وەستاوە تاکو ئەم کاتەی ئەوان زانیویانە بە پەیکەر بووە. واتا لەم نێوەندەدا کۆمەڵە ڕووداوێک ڕوویانداوە، بەڵام نەگێڕدراونەتەوە و سڕاونەتەوە. ئەم کاتە سڕاوە دەبێ لەلایەن خوێنەرەوە بدۆزرێتەوە و هەستی پێبکرێ.

((ئێمە کەنگێ زانیمان کارگوزاری مێخ بۆتە پەیکەر، وەختێک نیوەی ئەو کۆترانەی لەسەر پەیکەری عەبدولئەمیر نیشتبوونەوە چوونە سەر سەری ئەو، بەسەر دەست و شان و ملیدا پەڕینەوە سەر سەری.))[غەریب، ٢٠١٣: ١٧٩]

**٥- پاتکردنەوە**

پەیوەندی نێوان ڕووداو و گێڕانەوەی ڕووداو لە ڕووی ژمارەی گێڕانەوەیان، پاتکردنەوەی پێدەگوترێ. بە بڕوای جێنێت پاتکردنەوە واتا ئەم پەیوەندییەی لە نێوان پاتبوونەوەی گێڕانەوە و ڕووداوەکاندا هەیە. بۆ نمونە ئەم پەیوەندییە بەم چەشنە دەسنیشان دەکرێ کە ڕووداوێک ڕوویدابێ و گێڕەرەوە، لە چەندین شوێنی ئەم ڕۆمانەدا ڕووداوەکەی گێڕابێتەوە. لە پاتکردنەوەدا جارانی گێڕانەوەی ڕووداوێک دەسنیشانی پەیوەندی نێوان گێڕانەوەی ڕووداو و خودی ڕووداوەکە دەکا و بەپێی ئەم پەیوەندییە بەسەر سێ جۆری (پاتکردنەوەی هاوسان، پاتکردنەوەی بەردەوام و پاتکردنەوەی تاک) دابەش دەکرێ.

**٥-١: پاتکردنەوەی هاوسان**

لە پاتکردنەوەی هاوساندا دەبێ ڕووداو و گێڕانەوەی ڕووداو لە ڕووی ژمارەی ڕوودان و گێڕانەوە هاوسان بن. واتا ڕووداوێک چەندجار ڕوویدابێ، لە دەقی ڕۆماندا ئەوەندە جارە گێڕدرابێتەوە. لە ڕۆمانی (نەتەوەی زێرابەکان)دا پاتکردنەوەی هاوسان یەکجار زۆرن و پتر ڕووداوە لاوەکییەکانی ناو ڕۆمان پێکدێنن، بۆیە پێویست بە هێنانەوەی نمونەی زۆر ناکا. کارەکتەری سەرەکی لەسەرجەمی ڕۆمانەکەدا تەنیا یەکجار وەسفی هەڵسوکەوت و شێوازی ڕاوەستانی باوەژنی دەکا، ئەم ڕووداوە تەنیا یەکجار ڕوویداوە و تەنیا یەکجاریش گێڕدراوەتەوە.

((لەوەختێکدا ژنە بووکەشووشەکەی بابم شانی بە لێواری دەرگاکەوە دابوو. بە لێوە سوور سوور و جوانەکانی بنێشتی دەجوو و گڵۆپی گەورەی پێدەکرد، گڵۆپە بنێشتەکانی پڕ دەکرد لە هەواو وەک تۆڕی ماسیگرەکان بەسەر دەموچاویدا دەتەقین و بە کوڵمە سوور و ڕوومەتە پانەکانییەوە دەنووسان.))[غەریب، ٢٠١٣: ١٠]

**٢-٥: پاتکردنەوەی بەردەوام**

لە پاتکردنەوەی بەردەوامدا ڕووداوێک تەنیا یەکجار ڕوویداوە، بەڵام چەندین جار و هەندێجار بەشێوەی بەردەوام دەگێڕدرێتەوە، ئەمەش پەیوەستە بە بارودۆخی دەروونی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەوە. کارەکتەری سەرەکی لە ڕۆمانی (نەتەوەی زێرابەکان)دا ئەرکی گێڕەرەوەی پێدراوە، بۆیە ئەم ڕووداوانەی کاریگەری تەواویان بەسەر دەروونی کارەکتەری سەرەکی هەبووە، بەردەوام گێڕدراونەتەوە و ڕووداوێک کە تەنیا جارێک ڕوویداوە بەردەوام گێڕدراوەتەوە. وەکو دوورکەوتنەوە لە دایکی، سووتانی دایکی، کۆچە مەزنەکە و ...هتد. بۆ نمونە هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا کە دوورکەوتنەی دایکی بە چەک کردنی خۆی دەچوێنێ ئەم بابەتە چەندین جار دووبارە دەگێڕدرێتەوە. واتا ئەم ڕووداوە واتا دوورکەوتنەوە لە دایکی کە تەنیا یەکجار ڕوویداوە چەندین جار بە درێژایی ڕۆمانەکە دەگێڕدرێتەوە.

((من چەک کرام، بێ دەنگ و ئاسان چەک کرام... یەکەم جار بەهێزترین چەکیان لێستاندم... ئەویش دایکم بوو. ئاخر ئێوە نازانن بەبێ دایک چوونە ناو شەڕی ژیان چەند سەختە!))[غەریب، ٢٠١٣: ٧ و ٨]

((لە لێواری ئاگاییدا دیتم دایکم نووشتەیەک کە بۆن مێخەکی لێدەهات لە ملی کردم و گوتی: قورئانەکە ئاگاداری بە. ئەو ڕۆیشت بە هەمان غەمگینی و دڵی کون کونیەوە ڕۆیشت و منی بە قورئانەکە سپارد.))[غەریب، ٢٠١٣: ٩]

((دایکم ڕۆیشت و دڵێکی لە پەڕۆ کۆن بۆ جێهێشتم دڵێک لەو کراسە کۆنە ڕەشەی تەقەتەقی پاپوجەکان کونیان کردبێ.))[غەریب، ٢٠١٣: ١٠]

ڕووداوی سووتانی دایکی لەناو تەندووری نانەواخانە، ڕووداوێکە تەنیا یەکجار ڕوویداوە. ئەم ڕووداوە کاریگەرییەکی یەکجار سەختی بەسەر دەروونی کارەکتەری سەرەکیدا هەبووە، بۆیە چەندین جار دووپاتی دەکاتەوە.

((کاتێک من گەیشتمە ئەو سەری شار، دوکان و ماڵی نانەوایەکە ئاگری گرتبوو...بابم بە کۆنە پۆلیسێکی هاوڕێی دەگوت: زۆر باش بوو، ئێستا ئاسوودە بووم... دەبێ داکم لە کوێ بێ؟... گوێم لێبوو خەڵکەکە گوتیان: ئەو هەر دوو چل ئێسقان بووە، فڕێیان داوەتە ناو تەندوورەکە، بۆیە دیار نەماوە.))[غەریب، ٢٠١٣: ١١-١٣]

((چەند دەستێک کە دیار نەبوو هی کێن، هەتا نەمتوانی دەستی کۆنە پۆلیسەکەی هاوڕێی بابیشم بناسمەوە، دایکمیان بە هەمان کراسی ڕەشەوە هەڵدەگرت و لە ئاسمانەوە فڕێیان دایە ناو ئاگرەکەوە.))[غەریب، ٢٠١٣: ١٨]

((... تەندورێک کڵپە دەکات و شاڵاوی ئاگر دێتە دەرێ... چەند کەسێک بەدەستە مسیەکانیان ژنێک هەڵدەگرن و فڕێی دەدەنە ناو گڕی ئاگرەکەوە.))[غەریب، ٢٠١٣: ٥٩]

((ئەوەش دەبێتە یەکەم قسەی ژنەی تارمایی لەگەڵ مێردەکەی کردبێتی، دەڵێت: عەبدولقادر واز لە من بێنە، هاوڕێ پۆلیسەکەت باش دەزانێ من لە تەندوورەکەدا سووتاوم.))[غەریب، ٢٠١٣: ٢٣٨]

**٣-٥: پاتکردنەوەی تاک**

ئەم جۆرەیان تەواو پێچەوانەی پاتکردنەوەی بەردەوامە و بریتییە لە گێڕانەوەی ڕووداوێک کە لە بنچینەدا چەندین جار ڕوویدابێ، بەڵام تەنیا یەکجار لە ڕۆماندا گێڕدرابێتەوە. لە ڕۆمانی (نەتەوەی زێرابەکان)دا ئەم جۆرە پاتکردنەوەیە یەکجار کەمە و لە چەند نمونەیەک تێناپەڕێ. بۆ نمونە نیشتنەوەی کۆتر لەسەر منارە و گومەزەی مزگەوت و لە شەقەی باڵدانیان و هەڵفڕینیان لەکاتی بانگدان، بە ڕۆژانە بە بەردەوامی و لەگەڵ گشت بانگدانێک دووبارە دەبێتەوە، بەڵام لە ڕۆمانەکەدا تەنیا یەکجار گێڕدراوەتەوە.

((ورشەی باڵەکانیان لە بن میچەکەوە، لە موکەبەرە ژەنگاوی و گەورەکەی سەر منارەکە دەهاتە خوارێ و لەگەڵ دەنگی ئەڵڵاهوئەکبەر بۆ ئاسمانی حەوتەم بەرز دەبۆوە.))[غەریب، ٢٠١٣: ١٤]

دوای ڕۆیشتنی دایکی، ڕۆژانی خۆشی و پێکەوەبوون و لەسەر یەک سفرە نانخواردن و ...هتد گشتیان کۆتاییان پێهات و گشتیان بوونە بیرەوەری. کۆمەڵە ڕووداوێک لەم کاتانەی کە دایکوبابی پێکەوە دەژیان بەردەوام ڕوویاندابوو و کارەکتەری سەرەکی تەنیا بە یەکجار گێڕانەوەی ئەم ڕووداوانە بەسەندە دەکا کە بەدرێژایی چەند ساڵ بە بەردەوامی دووبارە بووبوونەوە. هەر یەک لەم ڕووداوانەی لەم دەقەی خوارەوەدا گێڕدراونەتەوە زیاتر لە یەک جار ڕوویانداوە، بەڵام تەنیا یەکجار لە دەقی ڕۆماندا گێڕدراونەتەوە.

((تازە بەسەرچوو بابم بە ڕوویەکی ئارامەوە ماستاوی سەر بەکەف بخواتەوە و دواتر بە بەری دەستەکانی سمێڵە زەردەکەی بسڕێ و منیش زەردەم بێتێ. تازە هەرگیز ڕووکردنی یاپراخ لەسەر سینی نابینم. هاوسێیەک نایەت سەرمان

بدات، پوورێکم گلەیی ناکات بۆچی نەچوومەماڵیان. تازە خاڵێکم هەڕەشەی ئەوەم لێناکات کە یەکەم نەبم دیاریم بۆ نەکڕێت.))[غەریب، ٢٠١٣: ١٩]

**ئەنجام**:

١- ڕۆمانی نەتەوەی زێرابەکان بەپێی تیۆری زەمەنی گێڕانەوەی جێنێت لە ئاستی ڕێکخستندا لەسەر بنەمای ناهاوکاتی واتا شکاندنەوەی زەمەنی ڕووداوەکان و تەکنیکی پێشخستن و پاشخستن گێڕدراوەتەوە و هەر سێ جۆرەکەی پێشخستن و پاشخستن واتا (ناوەکی، دەرەکی و ئاوێتە) لەم ڕۆمانەدا بەکاربراون.

٢- لە ئاستی بەردەوامیدا هەر چوار جۆرەکە لە دەقی ڕۆمانەکەدا بەکارهاتوون. جۆری وەسف لە ڕووی بەکاربردنەوە جۆری زاڵە و جۆری دیمەن کەمترین ئاستی بەکاربردنی هەبووە. لە جۆری سڕینەوەشدا سڕینەوەی نائاشکرا زیاترین بەکارهێنانی هەبووە و جۆری سڕینەوەی ئاشکراش زۆر بە دەگمەن بەکاربراوە.

٣- لە ئاستی پاتکردنەوەدا جۆری بەردەوام بەهۆی ئەوەی پەیوەندی بەلایەنی دەروونی کارەکتەرەکانەوە هەیە، بەشێوەیەکی تۆخ و دیار بەرچاو دەکەوێ و بەشێوەیەکی بنچینەیی کاریگەریی لەسەر ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان هەیە. لەلایەکی دیکەوە ئەگەرچی جۆری پاتکردنەوەی هاوسان زۆر بەکاربراوە، بەڵام هێندەی پاتکردنەوەی بەردەوام کاریگەری لەسەر ڕەوتی گێڕانەوە و ئاراستەکردنی ڕووداوەکان نییە؛ چونکە بەزۆری گێڕانەوەی ڕووداوە لاوەکییەکانی ناو ڕۆمانەکەی پێ جێبەجێ کراوە.

**سەرچاوە:**


**کوردی**

١- ئەڵوەنی، نەجم خالید(د). (٢٠٠٤)، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، دەزگای سەردەم، چاپی ؟، سلێمانی.

٢- خدر، ڕێزان ڕەحمان (٢٠١٢)، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەڕاج)دا، یەکێتی نووسەرانی کورد، چاپی؟، هەولێر.

**فارسی**

٣- بهنام فر، محمد و همکاران (١٣٩٣). بررسی زمانمندی روایت در رمان سالمرگ براساس نظریەی ژرار ژنت، متن پژوهی ادبی، سال هجدهم، شمارەی ٦٠.

٤- بیگ‌زادە، خلیل (١٣٩٥). بررسی تطبیقی عنصرـ زمان و زمانمندی خطی و یادوارەای (مطالعەی موردی: بعدازظهر سبز و دمەود حامد)، کاوشنامەی ادبیات تطبیقی، سال ششم، شمارەی ٢٣.

٥- پناهی، مریم و همکاران(١٣٩٢). تحلیل عنصر زمان در رمان دوشنبەهای آبی ماه، ادبیات انقلاب اسلامی، سال دوم، شمارەی ١

٦- رنجبر، محمود و همکاران (١٣٩١). بررسی ساختاری عنصر زمان براساس نظریەی ژرارد ژنت در نمونەای از داستان کوتاه دفاع مقدس، نشریەی ادبیات پایداری، سال سوم، شمارەی هشتم.

٧- علیزادە، ناصر و مهدی زادفرید، مهناز (١٣٩٦). بررسی عنصر زمان در قصەی ورقە و گلشاه از دیدگاه ژرار ژنت، فصلنامەی زبان و ادبیات فارسی، سال ٢٥، شمارەی ٨٢.

٨- غەریب، جەبار جەمال (٢٠١٣). نەتەوەی زێرابەکان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.

٩- قاسم زادە، سید علی و همکاران (١٣٩٣). مقایسەی عنصر زمان در روایت‌پردازی رمان‌های بە هادس خوش آمدید و سفر بە گرای ٢٧٠ درجە بر مبنای نظریەی ژرار ژنت، ادبیات پارسی معاصر، سال، چهارم، شمارەی دوم.

**عارەبی**

١٠- لحمداني، حميد (٢٠٠٠) بنية النص السردي من منظور النقد الادبي، المركز الثقافي العربي، بيروت، لبنان.

١١- مبروك، عبدالرحمن (١٩٩٨) بناء الزمن في الرواية المعاصرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، مصر.

**ئینگلیزی**

12- Abdulrraziq. M.A, and Geedallah. E.M, (2021) Narratological Analysis of Temporality in Novel, International Journal of English Language and Linguistics Research, Vol. 9, No 4

13- Herman, Luc, & Vervaeck, Bart (2001). Handbook Of Narrative Analysis, University of Nebraska Press, Lincoln and London

14- Genette, Gerard (1983). Narrative Discourse An Essay in Method, Translated by Jane E. Lewin, Forward by Jonathan Culler, Cornell University Press, Ithaca, New York

15- Mahmoud, Amal(2018). Story and Narrative Time Influences on Creating Suspense in Abu Gati, Humanities Journal of University of Zakho, Vol. 6, No. 2.

**زمن السرد في رواية نەتەوەی زێرابەکان ( أمة المجاري) حسب نظرية جيرارد جينيت**

**فرهاد عزيز حسن**
كلية تربية مخمور، جامعة صلاح الدين-اربيل
Farhad.hassan@su.edu.krd

**كارزان محسن قادر**
كلية تربية الاساس، جامعة صلاح الدين-اربيل
Karzan.qader@su.edu.krd

**ملخص**

يُعد زمن السرد أحد المكونات الأساسية في السرد حيثُ يتم بناء هيكل السرد عليه. يتجسد السرد في أدب الرواية في إطار الزمن إذ هنالك علاقة وطيدة أساسية تربطهما, و هذه العلاقة راسخة بحيث لا وجود لأي سرد يمكن أن يتجسد خارج حدود زمن السرد, لذا يجب تعريف السرد إعتماداً على زمن السرد. يُعتبر جيرارد جينيت أحد مُنظري مجال أدب السرد و يقوم أساس نظريته على مبدأ البحوث البنيوية. يقوم جينيت, الى حد ما, بتعديل النظرية البنيوية و يُضيف اليها بعض الأسس و القواعد الاخرى و إضفاء نمو جلي و واضح على هذه النظرية, لذا فعند البحث في موضوع زمن السرد, يشخص جينيت ثلاث مستويات و هي : التنظيم, و الإستمرارية و التكرار و إن كل واحد من هذه المستويات يتم تصنيفه الى العديد من الانواع المختلفة. إن هذه الدراسة, وفقاً لنظرية جيرارد جينيت, هي محاولة لتحليل هيكل زمن السرد في رواية نةتةوةي زيَرابةكان ( أمة المجاري) للروائي " جبار جمال غريب" و ذلك بتحديد كل من هذه المستويات و أنواعها.

**الكلمات الرئيسية:** زمن السرد، بناء الزمن السرد، جيرارد جينيت، نةتةوةي زيَرابةكان ( أمة المجاري)

**Narrative time in novel Nataway Zerabakan (The Sewer Nation) according to Gérard Genette's theory**

**Farhad Azeez hasan**
College of Education-Makhmour, Salahaddin University-Erbil
Farhad.hassan@su.edu.krd

**Karzan Muhseen Qadir**
College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil
Karzan.qader@su.edu.krd

**Abstract:**

Narrative time is one of the essential components of narration on which the structure of the narration is built. The narration is embodied in the novel's literature within the time frame, as there is a close and basic relationship between them and this relationship is so solid that there is no narration that can be embodied outside the limits of the narration time. Therefore, the narration must be defined depending on the time of the narration. Gérard Genette is considered one of the theorists in the field of narrative literature, and his theory is based on the principle of structural research. To some extent, Gérard modifies the Structuralism theory and adds to it some other bases and rules and gives a clear and outstanding growth to this theory. Each of these levels is categorized into many different types. This study, according to Gérard Genette's theory, is an attempt to analyze the structure of the narrative time in the Nataway Zerabekan (***The Nation of Sewers***) by the novelist "***Jabar Jamal Gharib***" by identifying each of these levels and types.

**Keywords:** Narrative Time, the structure of time, Gérard Genette, Nataway Zerabekan (The Nation of Sewers).